# هەندێک لە «هایکۆ»یەکانی ئالین گینزبێرگ

**لە ئینگلیزییەوە: ژیار ئەسوەد**

چایەکەم
بەبێ شەکر دەخۆمەوە
هیچ جیاوازییەکی نییە.
***
ساڵێکی دیکەش
بەسەر زەوییدا تێپەڕی
کەچی هیچ شتێکیش نەگۆڕا.
***
چۆلەکەکان لە بەرزاییەوە
بەرەو خوار ڕیقنە دەکەن
ئاهـ مێشک و هێلکەکانم!
***
(هایکۆی زستان)
ناوی هیچ گوڵێکم نەدەزانی
ئەمێستا باخچەکەم مردووە
***
یەکەم شت لە باخچە کۆنەکەمدا
بەدوایدا گەڕام:
دارگێلاسەکەبوو.
***
مێزە دێرینەکەم
یەکەم شت بوو
لە ماڵەکەمدا بەدوایدا گەڕام.
***
گۆڤاری منداڵییم
یەکەم شت بوو
لەنێو مێزە دێرینەکەمدا دۆزیمەوە.
***
تارمایی دایکم
یەکەم شت بوو

لە ژووری دانیشتن دۆزیمەوە.

***

مانگ بەسەر بنمیچەکەوەیە
کرمەکانیش لەنێو باخچەکەن
ئەم خانووە بە کرێ دەدەم.

***

سەرتاشین تەواو دەکەم
بەڵام ئەو چاوانەی لێیان دەڕوانییم
بەسەر ئاوێنەکەوە جێمان.

***

لە نهۆمی ژمارە پەنجا
سەگێک، ئێسقان دەکرێنێت
وەک هاواری تاکسییەکان.

***

شێتەکە
لە فیلمەکانەوە دەردەچێ
وەک شەقامی ئێواران.

***

قوون ماچکردن
قوون ماچکردن جۆرێکە لە ئاشتیی
ئەمریکا پێویستە ماچی قوونی دایکەزەوییی بکات
سپییپێستەکانیش ماچی قوونی ڕەشپێستەکان
لەپێناو ئاشتیی و بەختیاریی.
بەڵێ؛ تاقە ڕێگەیەک بۆ ئاشتیی: قوون ماچکردنە..!

***

سێکس لەگەڵ خۆم دەکەم
لە ئاوێنەکەوە، لێوەکانی خۆم ماچدەکەم و
دەڵێم: «خۆمم خۆشدەوێ،
تۆم لە هەموو جەستەیەکی دیکە زیاتر خۆشدەوێ».

***

فرمێسکەکان
ئەمێستا هەمووکاتێک دەگرییم.
بەسەر هەموو ئەو شەقامانەدا گریام وەختێک «سیاتڵ وەبڵی هۆڵ»م جێهێشت.
گریام بە گوێگرتن لە بێکەسیی

گریام بە ڕوانین لە گوڵە شادمانەکانی نێو جانتاکەم، بە خەمگینیی درەختە تەمەن مامناوەندەکان.
بەختەوەریی شتێک بوو هەستم پێکرد.
بۆ ڕووحی خۆم گریام، بۆ ڕووحی جیهان
پێشتر جیهان ڕووحێکی جوانی هەبوو!
خودا بۆ بینینی دەرکەوت و گریا. فرمێسکی داباریییە سەر دڵی پاتەرسن*

❊ ❊ ❊

## پەراوێز:

* پاتەرسن، شارێکە لە ویلایەتی نیوجێرسی ئەمریکا.

سەرچاوە:

***<u>- Collected poems Allen ginsbergş (1947-1997)ş HarperCollins e-books.</u>***

–